دانوستانی ئاست باڵای عێراق و ئەمریکا بۆ تاوتوێکردنی داهاتووی پێوەندییە دوو قۆییە ئەمنییەکان

سەباح نوعمان وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ئەمڕۆ هەینی ڕایگەیاند، بەرپرسانی عێراقی و ئەمریکی پابەندن بە دانانی بناغەکانی قۆناغێکی نوێی هاوکاری ئەمنی و دەشێت، "هاوڕێکارییەکانی نێوان هەردولا سەبارەت بە داهاتوی پەیوەندییەکانی نێوان هەردو وڵات بەردەوام دەبێت".

سەباح نوعمان ڕایگەیاند، "بەرپرسانی باڵای ئەمریکی و عێراقی لە 6ی ئەم مانگە لە بەغدا هاوڕێکاری تەکنیکییان ئەنجامدا سەبارەت بە داهاتوی پەیوەندییە ئەمنییە دوقۆییەکانی نێوان هەردو وڵات، هاوتەریب لەگەڵ ڕێککەوتنی چوارچێوەی ستراتیژی ساڵی 2008 و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی ئاسایشی نیشتمانی".

ئاماژەی بەوەشکرد، "بەشداربوان پابەندبونی بەردەوامی خۆیان بۆ دانانی بناغەکانی قۆناغێکی نوێی هاوکاری ئەمنی نێوان ئەمریکا و عێراق دوپاتکردەوە کە بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی عێراقی فیدراڵی بتوانێت ئاسایشی خۆی دابین بکات و سودی بەرجەستە بە هەردو ئەمریکی و عێراقی بگەیەنێت".

وتەبژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ئەوەشی راگەیاندوە، "بەرپرسانی باڵا لە چەند مانگی داهاتودا بەردەوام دەبن لە ڕاوێژکارییەکانیان بە ئامانجی بەهێزکردنی هاوکارییە ئەمنییە درێژخایەنەکان و هەوڵەکانی بەرەنگاربونەوەی تیرۆر کە پاپشتی و بەرزکردنەوەی توانا و ئامادەیی هێزەکانی ئاسایشی فیدراڵی عێراق لەوانەش هێزی پێشمەرگە، پێشخستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لە پاراستنی سەروەری عێراق، شکستپێهێنانی تیرۆر، بەرزکردنەوەی سەقامگیری ناوچەکە".

ساڵی 2008 بەغدا و واشنتن ڕێکەوتنی سڤایان بە شێوازی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق واژێکرد، ئێستاش دەیانەوێت لەسەر پرسی سیاسی، ئەمنی، ئابوریەکان و پشتیوانیی ئەمریکا بە دوبارە بوژاندنەوە و بنیاتنانەوەی عیراق ڕێکەوتنی نوێ واژێ بکەن.